# ڕێبوار سیوەیلی و

# نوسین و بەرپرسیاریی




**عادل شاسواری**

**ڕێبوار سیوەیلی وەك یەكێك لە ڕۆشنبیرە جیدیەكانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی كوردی، خاوەنی ناوێكی دیارە، ئەویش پاش ئەو كۆمەڵە هەنگاوە یەك لە دوای یەكە دێت كە لە تەمەنی نوسینی خۆیدا بە شێوەیەكی فرەڕەهەند بەرەو پێشەوەی بردووە. لەبواری وەرگێڕاندا كە بە (ئەفسانەی خۆشەویستی/1983) دەستیپێكرد و تا ئەمڕۆش بەردەوامە و چەندین بابەت و پرۆژەی پێشكەش كردووە، وەك: (دەنگی پێی ئاو، درمدی بر شعر معاصر كردی، پیدرۆ پارامۆ، دەروازەكانی كۆمەڵناسی، ئەلبومی كیژی جنۆكان، خۆ بەكۆیلەكردن، ژیان كورتە) كە لەم پرۆژەو بەرهەمانەدا چەندین كەسی تریشی لەگەڵ خۆیدا بەكار بردووە.**

**لەسەرەتای ڕاپەڕیندا یەكێك لە جوانترین سیمای ڕۆشنبیریی ژیانی ئێرە ئەوە بوو كە بە كۆمەڵێك گۆڤار و بەرهەمی نوێ ئاشنابووین، كە هەناسەی نوسین و شێوازی دەربڕین و ناوەڕۆكی گشتیی بابەتەكان ڕەخنەیەكی زانستی و بابەتییانە بوون.. خوێندنەوەیەكی ڕەخنەگرانەی ڕابردوو و ئەمڕۆ بوون.. شێوازێكی نوێی جیهانبینی بوو لەسەر چەمك و بابەتەكان .. بینینێكی تربوو بۆ شتەكان.**

یەکێك لەو گۆڤارانە (ئازادی) بوو، کە بە تەمەنێکی کەم و چاپێکی ناشیرین و قەوارەیەکی بچوك و دیزاینێکی لاواز، بەلاَم ناوەڕۆکێکی نویَ خزمەتێکی نەوعیی پێشکەشکرد.. لەلایەن کۆمەڵێك لەو رۆشنبیرانەوە بەڕێوەدەبرا، کە خاوەنی ئەو هەناسە نوێیەی نوسین بوون.. کە بە شێوازێکی نویَ و تۆکمە دەناسرانەوە.. زیاد لە بوارێکیان دەدا.. زیاد لە قوتابخانەیەك سوودمەند بوون.. زیاد لە سەرچاوەگەلێك و زیاد لە زمانێکیان بەکاردەبرد بۆ چنینەوەی رەهەندی بابەتەکانیان.. کۆمەڵە گەنجێکی تێکۆشەر و ماندوونەناس بوون لەپێناو رۆشنبیرکردنی خۆیان و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانیان.. سڵیان نەدەکردەوە لە شکاندنی بتی پیرۆزی رابردووی کولتوری کوردی.. گوتارێکی بوێر و جیاوازیان هەبوو لە نەوەی رابردووی خۆیان.. هەربۆیە جێگای سەرسامیی نەوەی نویَ و زۆرجار نیشانەی لێدانی نەوەی پێش خۆیان بوون.. رەخنەیان هەبوو لە کولتوری باوی کۆمەڵگا.. نیمکەتی رۆشنبیریی زۆرێك لە نوسەرانی پێش خۆیان لەقکرد.. قسەیان لە زۆر بابەتی بڤە کرد.

(ئازادی) دوای ئەو چوار ژمارەیەی لەگەڵ (یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچوو یەکیان گرت و (رەهەند)لەدایکبوو، کە تا ئەمڕۆش بە یەکێك لە گۆڤارە فیکرییە جیدیەکانی گۆڕەپانی رۆشنبیریی کوردی دەناسرێت.

(ئازادی) بەختیار عەلی سەرنوسەری بوو، بەرزان فەرەج سکرتێر و مەریوان وریا قانع و فاروق رەفیق و رێبین ئەحمەد هەردی و رێبوار سیوەیلی ئەندامانی دەستەی نوسەرانی.. کە هەرکام لەم ناوانە ئەگەر بۆ ئەوکات تازە بووبن بۆ خوێنەری کوردی، بۆ ئەمڕۆ ئاشنان و خاوەنی نوسین و رای خۆیانن لە زۆر بابەت و چەمکی هاوچەرخدا.

سیوەیلی کە یەکێك بوو لەوان .. پێشتر دوو کتێبی بلاَوکردبوونەوە، بە ناوەکانی (چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی / 1991) و ("مەستورە" لە روانگەیەکی ترەوە / 1992) کە بەختیار عەلی لە ژمارە (4)ی (ئازادی) ل216دا خوێندنەوەیەکیان بۆ دەکات، بە ناوی (لە نەستی دەقەوە بۆ نەستی رەخنە / خوێندنەوەیەك لە ئەزمونی رەخنەیی رێبوار سیوەیلی دا) هەندێك ئیش لە رەخنە و بونیادی گوتارەکانی سیوەیلیدا دەکات.. بە گفتوگۆیەکی کراوە و راگۆڕینەوە ناوەڕۆکی بابەتەکان دەدوێنێت و سەرنجی تیژتێپەڕ و نیشانەگرییان ئاراستە دەکات و تا لە دیماهیدا دەنوسیَ: (رێبوار بەم سەفەرەی خۆی جارێکی دی بابەت و جەنگەڵەکانی تێکست و رۆڵی نوسین و رۆحی رەخنەی لا زیندووکردینەوە.. ئەو وای لێکردین بەلایەکی دیکەدا بڕوانین، بێگومان رەخنەگری راستەقینەش ئەو پیاوەیە کە وامان لێدەکات بەلایەکی دیکەدا بڕوانین) ل242.

سیوەیلی لە بواری فیکر و رەخنەیەدا تا ئەمڕۆ چەند بەرهەمێکی بلاَوکردوەتەوە، کە جێگای لەسەروەستان و خوێندنەوە و هەڵوێستە لەسەرکردنن، وەك: (دیاردەگەرایی تاراوگە، نوسین و بەرپرسیاری1997، سۆفیستەکان 1999، دنیای شتە بچوکەکان1999، نەتەوە و حیکایەت2002، قەفەزی ئاسنین 2003، هاوکاتی و هاوشوناسی 2004، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی 2004،.... هتد) ئەمە بێجگە لە چەندین گوتار و لێکۆڵینەوە، کە لە گۆڤار و بلاَوکراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بلاَوی کردووەتەوە.

یەکێك لەو بەرهەمانەی کە لەم نێوەندەدا بلاَوی کردووەتەوە (نوسین و بەرپرسیاری)یە، کە تاهەنوکە دووجاری چاپیکردوەتەوە (یەکەم لە هەندەران 1997 و دووەم لە سلێمانی 2006).

(هەمو بەرهەمێکی هونەری و فیکری لەو کاتەوە کە بڵاودەکرێتەوە، بەجۆرێك خاوەنەکەشی بەرپرسیار دەکات.. چونکە بڵاوکردنەوە چ مانایەکی هەیە بێجگە لە خۆزگەی وەدیهاتنی ئیمکانیەتی نویێ بۆ پەیوەنیکردن بە دنیای مرۆڤەکانی ترەوە و خۆ تێکەڵکردن بە ژیانیان؟) ل5.

سیوەیلی لە سەرەتای ئەم کتێبەیدا دەست بۆ بەرپرسیارییەتییە ئەخلاقییەکان دەبات، کە مرۆڤ بەهۆی بڵاوکردنەوەی نوسین و بەرهەمەکانییەوە رووبەڕوویان دەبێتەوە، نەك بەهۆی نوسینیانەوە..

چونکە دیارە مرۆڤ کاتێك بیرۆکەی بابەتێکی لا ئەرسکیێ و ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئەیهەژێنیێ و شۆکی ئەو هەژانە بەرهەمێکی پیێ دەهێنێتە بوون، لەو پەڕی راستگۆیی و بڕوابوون بە مەحکومییەتی هەڵبژاردنی ئەو بابەتەوە بە نوسینی ئەهێنیێ و ئەوکات ئەبێتە دەق (تێکست)ێك، بەبیێ حیسابکردن بۆ جوگرافیای بڵاوکردنەوە/ بۆ یۆتۆپیاکانی کۆمەڵگا/ بۆ بیرو تێگەیشتنەکانی خوێنەر/ بۆ کولتوری باوی کۆمەڵگا/ بۆ دەسەڵاتی سەردەم/ بۆ سەرێشە و گیروگرفتەکانی بڵاوکردنەوە.. بونیاد و ناواخنی ئەم دەقە سەربەستترە، ڕاستگۆیانەترە تا دەقێك کە حیساب بۆ ئەو هەموو فلتەرانە بکات.. هەروەك ئەوەش راستە کە لەبنەمادا نوسین لەپێناوی بێدەنگیشدا نییە.

بەمانایەکی تر لەوانەیە زمانی بڵاوکردنەوە کەشێکی تر بخوازێت، مەرج نییە بەتەواوی تەبا و تەریب بێت بەهەمان میصداقییەتی کەشی نوسین.. ئەم تێبینییە لای زۆرێك لە نوسەرە دیارەکانی جیهانیش بوونی هەیە (ناوەڕۆکی بەرهەمێك کە بڵاوی کردوەتەوە لە چاو بەرهەمێك لەدوای خۆی کە ئەدۆزرێتەوە یان نامەیەك کە بۆ دۆستێکی جێی متمانەی خۆی ناردووە جیاوازییان زۆرە).

ئەم تێبینییە سەردەکێشێت بۆ رای جیاواز و لێرەدا زۆر ماوەمان نییە تویژینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەم چەمکەو ناوی کتێبەکەوە هەیە ئەوەیە، کە ئەگەر بەلای سیوەیلییەوە بەرپرسیاریەتی پاش بڵاوکردنەوە دروست دەبێت ئەبوایە ناوی کتێبەکە (بڵاوکردنەوە و بەرپرسیاری) بوایە، نەك (نوسین و بەرپرسیاری).. بەپێی یاساش هەر نوسینێك تا بڵاونەکرێتەوە بەرپرسیاریەتی بۆ نوسەرەکەی دروست ناکات.. چونکە تخوبی ئازادیی نوسین زۆر فراوانترە لە بڵاوکردنەوە.. مەرج نییە دوا فاکتەری نوسینی هەموو بابەتێك بڵاوکردنەوە بێت..

پاشان سیوەیلی باس لەو کۆمۆنیوکەیشنە دەکات کە لە ناو مرۆڤەکاندا و لە بەرەنجامی نوسینەوە دروست دەبێت.. ئینجا ئەو هەڵسوکەوتەی دروست دەبێت کە دەچێتە بازنەی (فەلسەفەی ئیتیك)ەوە.. خودی بەرپرسیاری خۆیشی کە موفرەدەی دووەمی ناوی کتێبەکەیە، لە ناو پانتایی ئیتیکدا بەهای هەیە.

ئەو پرسە گرنگانەی کە هەژانێکیان لەناو رۆحی سیوەیلیدا دروستکردووە، بووەتە هۆکاری هاتنەبوونی ئەم کتێبە، ئەمانەن:

- پرنسیپە ئەخلاقییەکان چ مانایەکیان هەیە؟
- لە نوسیندا بۆچی بەرپرسیارین؟
- لە ئاست چی و کێدا بەرپرسیارین؟
- پرۆژەی رۆشنبیریی بەرپرسیارانە چی دەگەیەنێت؟ ئەی پرۆژەی رۆشنبیریی کوردی؟
- خەسڵەتەکانی پرۆژەی رۆشنبیریی چین؟
- تاراوگە چ بەرپرساریەتییەکی لە هەناودایە؟

- پۆلێنێك بۆ گروپە رۆشنبیرییەكانی ئێستای رۆشنبیریی كوردی.
- رەشبینیی رۆشنبیرانە و گەشبینیی ئیرادە چییە؟
- هاوكێشەی رۆشنبیریی تاراوگە و كەسایەتیی پۆست مۆدێرن چۆن دەبینی؟
- چۆن روخسارێكی گەردوونی بدرێت بە پرۆژەی رۆشنبیریی كوردی، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندیی خۆی ونبكات؟

ئەم لێكۆڵینەوەیە دابەشی چوار بەشی سەرەكی كراوە:

❖ **بەشی یەكەم/ بەرپرسیاری لە ئاست ئەوی تردا:**

(بەومانایەی ئەوەی دەینوسین دەبێ بۆ ئینسانەكانی تر بەشێوەیەك شوێنی تێگەیشتن و مامەڵە لەگەڵ كردن بێت) ئەمەو رای ئیمانۆیل لیڤیناس لەسەر چەمكی ئەوی تر لەلایەك و رای هابرماس و كانت و یاسپەرس لەسەر پەیوەندی لەلایەكی تر درێژ كراوەی ئەم بەشەن.

لێرەدا رایەكی یاسپەرسی هێناوە لەسەر وتەیەكی كانت زۆر جوانە، كە دەڵێت: (ئەو كاتەی كە هەڵدەستی بە كردارێك، لەبیرت بێ جیهان ئەوە نییە كە هەیە، بەڵكو ئەوەیە كە تۆ بە كردارەكەی خۆت لە دروستكردنیدا بەشداری دەكەیت).ل19

❖ **بەشی دووەم/ بەرپرسیاری لە ئاست زماندا:**

لەم بەشەدا باس لە گرنگی و بایەخی زمان دەكات لە كاتی كۆمۆنیكەیشندا.. بایەخ دەدات بە چۆنیەتیی بەرێوەچوی كۆبوونەوەی مرۆڤەكان.

گەر بەرپرسیاری لەئاست ئەویتردا قبوڵكردنیەتی بە كۆی جیاوازییەكانییەوە، ئەوا لێرە گرنگی دەكەوێتە سەر چۆنیەتیی راگرتنی پەیوەندییەكان، كە پۆلێنی ئەم پەیوەندییەش بۆ چەند ئاستێك دابەش دەبێت، كە سیوەیلی زیاتر بایەخی بە ئاستی دووەم داوە، كە بە ئاستی (خود=بەرامبەر) ناسراوە و یەكێك لە میكانیزمەكانی ئەم كۆمۆنیكەیشنە تەعبیركردنە لە رێگەی زمانەوە.

❖ **بەشی سێیەم/ تاراوگە و نوسین:**

دروست بیرم نایەت كەی بوو، بەڵام ئەو كاتەی بەختیار عەلی هاتەوەو كۆڕێكی لەسەر ئەفسانەكانی كۆچ پێشكەش كرد، رێبین هەردی كۆڕەكەی بۆ بەڕێوەدەبرد، وەك دەستپێكێك باسی لە ترسناكیی كۆچ كرد، بەتایبەت ئەگەر كۆچكردن ببێتە هۆی دابڕان لێرە و ببێتە هۆی كۆچی بەكۆمەڵ.. چونكە ئەو گرفتەكەی لەوەدا دەبینییەوە كە كێشەكە تەنها ئەوە نییە كە چەندین گەنج و لاو كۆچیان كردووە بەرەو هەندەران، بەڵكو كێشەكە لەوەدایە كە زۆرێكی تر لە لاوان دانیشتوانی ئێرە لەناو بیر و زیهنیاندا ئەو كۆچە هەیە و ئەمڕۆ یان سبەی ئەیانەوێت بەهەمان رێگادا بڕۆن.. لەوانەیە بە تەواوی لەبیرم نەمابێت و نەمتوانیبێت بە ئەمانەتەوە پێشەكییەكەی بگوازمەوە، بەڵام ناوەرۆكەكەی لەو بازنەیەدا ئەسوڕایەوە.. هەر دوابەدوای ئەو (بەختیار عەلی) بە هەڵوێستگرتن لەم پێشەكییەی رێبین دەستی پێكرد و بە رای جیاواز و دوور لە ترسناكیی كۆچ كۆڕەكەی بە سەرەتا هێنا.

بەڵام دەبینین كە سیوەیلی راكەی رێبینی (كە لە نامەیەكدا بۆ سیوەیلیشی نوسیوە لە 1997/7/10دا)، كردووە بە دێباچەی ئەم بەشە.. بەرای من (ئەوكاتە) یەكێك لە هۆكارەكانی جیاوازیی رای نێوان ئەو دوو رۆشنبیرە ئەوە بوو كە یەكێكیان لەمسی ژیانی هەندەرانی كردووە و

جۆرێك ڕەوینەوە بەسەر ئەو ترسەیدا هاتووە، لەچاو کەسێکی تردا کە ئەو لەمسەی نەکردووە.. بەڵام ئەم دێباچەیەی سیوەیلی نقڵی کردووە دەروازەیەکی تری بۆ کردینەوە، کە لەدوای لەمسکردنیشەوە (چونکە ئەوکاتە لە دانیمارك بوو) ئەکرێ هەرهەمان ترس بە جۆرێ لەجۆرەکان خۆی نمایش بکات.. وەك لە ل33دا وتەیەکی ئێدوارد سەعید ئەهێنێ، کە دیسان ئاماژەی بۆ ئەم ترسە کردووە: (بیرکردنەوە لە تاراوگە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام تەجرەبەیەکی ترسناکە، تاراوگە برینێکی ساڕێژنەبووە لەنێوان مرۆڤ و شوێنی لەدایکبوونی، لەنێوان "من" و ماڵی ڕاستەقینەی خۆیدا). لە درێژکراوەی ئەم بەشەدا ئاماژە بۆ (تاراوگە و پۆست مۆدێرنیتە) وەك دوو دژە گوتار دەکات و پاشان باس لە زیگمۆند باومان و پرسیاری ئەخلاق لە پۆست مۆدێرنیتە دەکات و دواتر تاراوگە و ریوایەت، پۆڵ ریکۆر و پینەر کەمپ، لە کردەی ریوایەتکردن و جۆرەکانی و چەند ڕەهەندێکی تر دەکۆڵێتەوە.

❖ **بەشی چوارەم/ لەم بەشەدا بەدرێژی باس لە پۆلێنی گروپە ڕۆشنبیرییەکان دەکات.**

سێ پرسیاری بنەڕەتی لەسەر سەرگەرمیی ڕۆشنبیر لە بەرمەبنای (خود، ئەوی تر، ڕوخساری گەردوونی) دێنێتە دواندن و دەیانکاتە ماکی سەرەکیی پرسی ڕۆشنبیر، کە حەیف لەم خوێندنەوە کورتەدا ماوە نییە لەسەریان هەڵوێستە بکەین.

لە (بەرەو کۆتایی)دا وتەیەکی مەریوان وریا قانع یاداشت دەکات و پاشان لە ژێر ڕووناکیی وتەکەی ئەو و گرامشیدا بە بەدبینیی ڕۆشنبیرانەو گەشبینیی ئیرادە کورتەی، ڕای خۆی لەسەر ناوەرۆکی بەرپرسیاریی لە نووسیندا چڕدەکاتەوە و بە سێ پاشکۆی گرامشی و سارتەر و فۆکۆ کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە دەهێنێ.

سیوەیلی لەم کتێبەیدا دەکۆشێت گرنگی و بایەخی ڕۆشنبیر لە نوسین و گوتارەکان بخاتە ئاستێکی بەرپرسیارییانەی ئەوتۆوە، بە ڕادەیەك کە یەکێکە لە هەرە فاکتەرە بنچینەییەکانی گۆڕان و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا.. ئەمەوێت بە وتەیەکی خۆی لە سەر نوسین و ڕیسوایی کۆتایی بەم خوێندنەوەیە بهێنم، کە دەڵێت: ﴿نوسین ڕیسوابوونێکی بەردەوامە.. ئابڕووچوونی کۆتایی لەو کاتەدا لەدایك دەبێت، کەوا هەست بکەیت هەموو شتێکت وتووە و ئیتر ساتی چاوەڕوانییە بۆ گوێگرتن لە خوێنەرە وەهمییەکەت، خوێنەری وەهمیش ئەوکاتە پێدەنێتە جیهانەوە، کە دوای خوێندنەوە ستاییش بۆ نوسەر دەنێرێت﴾ ل260/سۆفیستەکان.

**<u>شوناسی کتێب:</u>**

- نوسین و بەرپرسیاری.
- ڕێبوار سیوەیلی/ دانیمارك.
- چاپی یەکەم/1997.
- لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بینین/ئەمەریکا.

سەرپەرشتیاری چاپ: هیوا قادر.